خوای گەورە لە بەندە ڕازی دەبێت بەهۆی ئەوەی کاتێک بەندە خواردنێک دەخوات ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات، وخواردنەوەیەک دەخواتەوە ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە بەندە ڕازی دەبێت بەهۆی ئەوەی کاتێک بەندە خواردنێک دەخوات ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات، وخواردنەوەیەک دەخواتەوە ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر بەندە حەمد وسوپاستی پەروەردگاری بکات لەسەر ئەو فەزڵ ونیعمەتانەی بەخشیوویەتی پێی ؛ ئەمە لەو شتانەیە کە دەبێتە هۆی ڕازیبوونی الله لە بەندەکەی. کاتێک خواردن دەخوات؛ دەڵێت: الحمد لله، وکاتێک خواردنەوە دەخواتەوە؛ دەڵێت: الحمد لله.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5798